# قەزا و قەدەر

١٩٩٥/٧/١٠
عمر عبد العزيز

حامد محمد علی

چاپی یەکەم

١٤٠٩ك ـ ١٩٨٩ز

چاپخانەی (الفنون) بەغدا هـ ٧١٨٦٣٢٠

«وقُلْ رَبِّ أرحَمْهُما كمَا رَبَّياني صَغيرا»

الاسراء/٢٤

پێشکەشە:-
بەباوک و دایکم..

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وسلام على عباده الذين اصطفى وسلام على النبي المصطفى.

قەزاو قەدەر یەکێکە لەو مەسەلانەی کەوا لە سەرەتای گەشەکردنی بیری مرۆڤایەتی یەوە تا ئەمڕو مێشکی ئادەمیزادی ماندوو کردووە.

چونکە لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەنهێنی بوونەوە (الوجود) هەیە ، ئەویش نهێنی یەکی زۆر مەزنە. ئنجا منیش لەم بەیەك گەیشتنەدا داواکاری ئەوەنیم کە هاتووم چارەیەك بۆ ئەم گیروگرفتە بدۆزمەوە ، بەڵام ئەوەندە بەسە بتوانم کلیلی مەسەلەکە لەقورئانی پیرۆز دەربێنم وپێشکەشی خوێنەری موسڵمانی بکەم ، بێگومان شیفاو چارەی هەمووگیرو گرفتێکیش هەر لە قورئاندایە.

* * *

قورئانی پیرۆز هەرکە دادگەری بێ پایان و ڕەهای (المطلق) خوامان بۆ دوپات دەکاتەوە ، دەفەرموێ: "وما ربك بظلام للعبید" (فصلت:٤٦). واتە/ پەروەردگاری تۆ ستەمکار نییە بۆ بەندەکانی. بەم پێیە مەسەلەی دەستەبەرکردن (التکلیف) لە ئاینەکانداو هەموو ئەو مەسەلانەی پەیوەندیان پێوەیە لە پاداشت و سزا ، لەسەر ئەو بناغەیە بەندن ، کە مرۆڤ سەربەستە لە جێ بەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کەوا دەچنە ناو چوارچێوەی ئەرك و دەستەبەرکرنی ئاینییەوە ، جا ئەگەر ویستی باوەڕ بێنی ئەوە سەربەستەو ئەگەر ویستیشی بێباوەڕ بێ ، هەر سەربەستە. هەروەها لە کردەوەی چاك و خراپیشدا هەر سەربەستە ، چونکە دەستەبەرکردن و بەرپرسیاری ، تەنها لەگەڵ خواستی سەربەستی مرۆڤدا نەبێ ناگونجێ.

بۆ ئەوەش مەسەلەکە تێکەڵ و پێکەڵ نەبێو لە گەنجەکانمان نەشێوێو نەکەونە گێژو گەرداوی

ئەوەی کەئایا مرۆڤ بەبێ خواست و ئارەزووی خۆی بەڕێوە دەچێ (مسیر") یان خواست و ئارەزوو بەدەستی خۆیەتی (مخیر")؟ ئایا ڕۆڵی قەزاو قەدەر چییە لەکردەوەکانیدا ؟ یاخود کامەیە سنوری سەربەستی مرۆڤ لە کردەوەکانیا کە بەرپرسیارە بەرامبەریان ؟..

لەپێناوی هەموو ئەم پرسیارانەدا قەزاو قەدەر ئەکەینە سێ بەشەوە:ـ

(١) قەزاو قەدەرێك کە پێویست بە خۆڕاگرتن.. یان ستایش بکات.

(٢) قەزاو قەدەرێك کە پێویست بە چارەسەرکردن بکات.

(٣) قەزاو قەدەرێك کە مرۆڤ تیایا سەربەستەولە سنوری ئەو سەربەستییەدا بەرپرسیارە.

بێگومان ئەم دابەش کردنە موسڵمان لەو سەرگەردانیو لێشێویانە ڕزگار دەکات ، کەوا

بەهۆی تێکەڵ بوونی نیوان ئەم سێ بەشەوە دووچاری دەبێت. جا فەرموو ئەمەش ڕوون کردنەوەی هەر بەشێکە لەمانە.

**جۆری یەکەم:**

ئەو قەزاو قەدەرەی کە پیویست بە خۆ ڕاگرتن دەکات. مەبەست لەم قەدەرە هەموو ڕوداوێکە کە دێتە ڕێی مرۆڤ بەبێ خواست و ئارەزووی خوی. بۆنموونە ئەو خیزانەی کە تیا لە دایك بووی ، ئەو ژینگەیەی کە لە باوەشیا پەروەردە بووی ، ئەو کاتەی کەتیا ژیاوی ، زیرەکی مرۆڤ و بێمێشکی(الذكاء والغباء) ، فراوانی ڕۆزیی یان دەست کورتی ، درێژیو کورتی تەمەنی ، جوانی دەم و ڕوومەتی یان ناشیرینی هتد..

هەموو ئەم مەسەلانە لەسەرووی خواستی مرۆڤەوە ڕوودەدەن و خواستی بالاتر (خوای مەزن) دەست نیشانیان دەکات ، کە دەفەرموێ: **"هو الذي يصوركم في الارحام كيف يشاء"**. (آل عمران:٦).

واته/ ئەو خوایەی کەوا چۆن بیەوێ لەناو منداڵدانا وێنەو نەخشەی ئێوە دەکێشی.

**"الله الذي خلقكم ثم رزقكم ثم يميتكم ثم يحييكم"** (الروم:٤٠).

واته/ خوا ئەو خوایەیە کە ئێوەی دروست کردووەو ئەمجا رۆزیتانی داوەو ئەمجا دەتان مرێنیو دووبارە زیندووتان دەکاتەوە.

**"قل أرأيتم ان أخذ الله سمعكم وأبصاركم وختم على قلوبكم من اله غير الله يأتيكم به"** (الانعام:٤٦).

واته/ ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) بە بت پەرستەکان بڵێ ئایا ئێوە چی ئەکەن ئەگەر خوا کەرو کوێرتان کاو دڵەکانتان لێ وەرگرێتەوە، ئایا ئەوپەرستراوە کێیە جگە لەخوای تاك و تەنیا کە هەموو ئەمانەتان پێ دەبەخشێ؟

ئنجا ئەمانە هەموو لەو کارو فرمانانەن کە کەس خاوەنیان نییە تەنها خوا نەبێت و

ئادەمیزاد لە ئاستیانا دەسەوسانەو بەبێ خواستی خۆی بەڕێوە دەچێ.

بەم جۆرە - هەروەك دەبینی - هەموو ئەمانە ناچنە ناو چوارچێوەی بەرپرسیاریەوەو مرۆڤ لەبارەی هیچ کامیانەوە لە پاشەڕۆژدا لێپرسینەوەی لێ ناکرێ.چونکە ئەمانە - هەموو - بەپێی خواست و زانیاری خوا بەڕێوە دەچن و بەس.

خوای گەورە دەفەرموێ: **"ما أصاب من مصيبة في الارض ولا في أنفسكم الا في كتاب من قبل أن نبرأها ان ذلك على الله يسير"** (الحديد:٢٢).

واتە/ هیچ بەڵاو دەردەسەریەك نە لە زەویداونە لەئیوەدا ڕوونادات مەگەر پێش ئەوە خوای گەورە پێی بزانێت و دروستی بکات ، ئەمەش بەلای خواوە ئاسانە.

جا مروڤیش کە باوەڕی بەم جۆرە قەدەرە بوو ئیتر دەروونی دەحەسێتەوەو جێگیر دەبێ.

لەبەر ئەوە لەئایەتی دوای ئەمەشدا هاتووە:
**"لكيلا تأسوا على ما فاتكم ولا تفرحوا بما أتاكم والله لا يحب كل مختال فخور"** (الحديد:٢٣).
واتە/ بۆئەوەی دڵ تەنگ نەبن بۆئەو شتانەی کە لە دەستتان دەرچووەو دڵخۆش نەبن بەو شتانەی کەخوا پێی بەخشیون چونکە خوا ئادە میزادی لە خۆ بایی‌بوو لووت بەرزی خۆش ناوێت(١)

ئیتر بە ئەندازەی باوەڕی مرۆڤ بەم جۆرە قەدەرە خۆڕاگرتنیش ڕوودەدات.

## جوری دووەم:

ئەو قەزاو قەدەرەی کە پێویست بە چارەسەرکردن دەکات، مەبەستمان لەم جۆرە، پەیوەندی نیوان هۆکان و (الاسباب) بە هۆوە ڕووداوەکانە (المسببات)، لەگەڵ ئاگاداریو

(١) مەبەست لە دڵ تەنگی قەدەغە کراو لێرەدا ئەوەیە کە مرۆڤ دەگەیەنێتە ڕادەی بێزاریو دەرچوون لە ڕچەی ڕەوا ، شادیو خۆشی قەدەغە کراویش ئەوەیە کە مرۆڤ بەهۆی سامانەوە گومڕابێت و لەخوا یاخی بێت.

باوەڕی تەواوماندا کە خوا کردگارو دروستکەری هۆکان و بە هۆوە ڕووداوەکانیشە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە لەسەر موسڵمان بێوچان هەوڵ وتەقەللا بدات بۆ دۆزینەوەو وەدەس هێنانی ئەو هۆیانەی کە دەیگەیەننە کەناری ڕزگاربوون. هەرکاتێکیش هێزی لێبڕاو توانای نەما ، پاش ئەوە ئیتر هەر چییەك ڕوویدات خواست و فەرمانی خوایە. بۆ نموونە نەخۆش پێویستە چارەبکرێت ، قوتابی دەبێ بخوێنێت ، خنکاویش دەبێ هەموو هێزو ووزەیەکی بەکاربێنی لە پێناوی ڕزگار بووندا ، پاش ئەمەش هەموو شتیك بەدەستی خوایەو فەرمانی خۆیەتی.

هەروەها جەنگین لەگەڵ دوژمنداو بەربەرەکانێ کردنی - هەرکاتێ پێبنێتە ناو خاکمانەوە - جۆرێکە لەم قەزاو قەدەرە ، کە پێویستەلەسەرمان هەموو هێزو توانایەکمان دژی

بەکاربێنین ، یارمەتیو هاریکاری خواش بێگومان لەگەڵ باوەداراندا یە جا ئێمەش لەسەرمانە هەوڵ بدەین لەسەرمان نییە پەی بەسەرکەوتن ببەین

هەندێ خەڵك هۆیەکانی ڕزگاربوون پشت گوێ دەخەن و بە پاڵ کەوتنەوە داوای ڕۆژی ئەکەن و پشت ئەبەستن ، ئەم جورە کەسانە هەرکە کەشتی-یەکەیان ژێرئاوبوو بە پەلە ڕووئەکەنە قەدەرو لۆمەو تاوانباری دەکەن.

**وعاجز الرأي مضياع لفرصته**

**حتى اذا فات أمر عاتب القدرا.**

واتە/ پیاوی نەتوان و دەسەوسان هەل و دەرفەتی بەفیرۆ دەداو، هەرکە شتێکی لەدەست دەردەچێ لۆمەی قەدەر دەکات.

بەڕاستی "عومەری کوڕی خەتتاب خوایلێڕازیبێ" هەروەکو لەم بەسەرهاتەدا دەرئەکەوێ زۆر جوان لەم چەشنە قەدەرە

تێگەیشتبوو ، دەگێڕنەوە کاتێك کەویستی بچێت بۆ وولاتی (شام) ئاگاداریان کرد کەوا پەتای ڕشانەوە (الطاعون) لەم وولاتەدا بلاو بۆتەوە ، ئەویش بەمە سەردانەکەی دواخست. دەڵێ کە "ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەڕاح" پێی ووت:- ئەی میری موسڵمانان ئایا لەدەست قەدەری خوا هەڵدێی ؟ عومەریش لە وەلامدا پێی ووت: لە دەست قەدەری خوا هەڵدێم بۆ دەست قەدەری خوا. ئابەم جۆرە با داخوازیکەرانی نەتوانیو تەمبەڵی ئەم وەلامە نەمرەی (عومەر) ببیستن:- لە قەدەری خوا هەڵدێم.. بو قەدەری خوا.

**جۆری سێیەم:**

ئەو قەزاو قەدەرەی کە مرۆڤ تیایا سەربەستەو لە سنووری سەربەستیدا بەرپرسیارە. مەبەست لەم جۆرەش ڕەفتاری مرۆڤە بەرامبەر بەو ئەرکە ڕەوایانەی - کەخوا داویەتی بەسەر

بەندەكانیا - چونكە ئەرك و بەرپرسیاری تەنها لەگەڵ خواستی سەربەستی مرۆڤدا دەگونجێن.

قورئانی پیرۆزیش لە زۆربەی ئایەتەكانیدا لایەنگری ئەم مەسەلەیەی كردووەو دەفەرموێ: **"فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر"**(الكهف:٢٩).

واتە/ هەركەس دەیەوێ با باوەڕ بێنێو هەركەسیش نایەوێ با باوەڕ نەهێنێ وكافربێ.

كەوابوو خواست و ویستی مرۆڤ لە توانای هەڵبژاردندا جێگیرو چەسپاوە وسەربەستە.

هەروەها دەفەرموێ: **"من كان يريد حرث الآخرة نزد له في حرثه ومن كان يريد حرث الدنيا نؤته منها"**(الشورى:٢٠).

واتە/ هەركەسێ دەیەوێ تۆوی دوارۆژ بچێنێو بۆ دوارۆژ هەوڵ دەدا ، ئەوا ئێمە پاداشی ئەو هەوڵەی چەند بەرامبەر بۆ زیاد دەكەین ، هەركەسیش دەیەوێ تۆوی دونیا بچێنێو هەموو هەوڵێكی هەر بۆئەوە ، هەر لە دونیا پاداشی خۆی وەردەگرێ.

ئەم ئایەتەش بەهەمان شیوە ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کەمرۆڤ خاوەنی خواست و ویستی خۆیەتی.
دیسان خوای مەزن دەفەرموێ: **"ان الله لا یغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بأنفسهم"**(الرعد:١١).
واتە/ خوا هیچ کاتێك بارو دۆخی میللەتێك ناگۆڕێ مەگەر خۆیان بەخۆیان بیگۆڕن.
لێرەشدا دیسانەوە توانای مرۆڤ لەسەر گۆڕین سەلماوەو دوپات بۆتەوە. لەقورئانی پیرۆزدا ئایەتی تری زۆر هەیە کەئەم سەربەستییە دەسەلمێنن. ئنجا مرۆڤیش لەسنوری ئەم خواست و ویستە سەربەستەدا بەرپرسیارە. ئەرکە ڕەوا ئاینییەکانیش لەگەڵ ئازادیو سەربەستیدا دەسورێنەوە، خوای گەورە دەفەرموێ: **"فمن اضطر غیر باغ ولا عاد فلا اثم علیه"**(البقرة:١٧٣).
واتە/ هەرکەسێك ناچارکرا نەحەرام خوازەو، نەلە سنوور دەرچوو، گوناهیشی لەسەر نییە.

کەوابوو هەرکاتێ مرۆڤ سەربەستییەکەی لە دەست دا خوای گەورە ئیتر ئەرك و دەستەبەرکردنی (التكليف) لەسەر هەڵ دەگرێ. پێغەمبەری مەزنمان (صلیٰ اللّٰه علیه وسلم) ئاگاداری کردوین کە خوای گەورە نەتەوەکەی لە هەڵەو لەبیرچوون و بەزۆر پێکردن ، بەخشیوەو چاوپۆشی لێ کردوون. "رُفِعَ عن أُمتي الخطأ والنسيان وما استكرهوا عليه"(١).

## دابەش کردنێکی ناڕەوا:

هەندێ خەڵك ئەو شتانەی کە ڕقیان لێ دەبێتەوە ، دەیکەنە هی خواو ، ئەوەی کەپێیان شەرمە بیدەنە پاڵ خۆیان ، دەیدەنە پاڵ قەدەر. ئنجا ئەمانە هەرکە چاکەیەکیان کرد بەهی خۆیانی دەزانن و شانازی پێوە دەکەن ، ئەگەر کارێکی خراپیشیان کرد ، لەلایەن خواوەی دەزانن.

---

(١) رواه الطبراني وغيره.

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ ئەم مەسەلەیە کردووەو دەفەرموێ: **"واذا فعلوا فاحشة قالوا وجدنا عليها آباءنا والله أمرنا بها. قل ان الله لا يأمر بالفحشاء أتقولون على الله مالا تعلمون"** (الاعراف:٢٨).

واتە/ هەرکە کارێکی بەدڕەوشتیو ناڕەوایان کرد دەڵێن ئێمە باوکانمان لەسەر ئەم رێگەیە بینیوەو خوایش فەرمانی پێداوین.. بڵێ (ئەی محمد) خوا هیچ کاتێك فەرمانی بەدڕەوشتیو خراپە نادات ، ئایا ئێوە تۆمەتی شتێك بۆ خوا دەکەن کە نایزانن.

شایانی باسە بت پەرستەکانیش بت پەرستییەکەیان دەدایە پاڵ خوا: **"سيقول الذين أشركوا لو شاء الله مآ اشركنا ولا اباؤنا ولا حرمنا من شيء"** (الانعام:١٤٨).

واتە/ بت پەرستەکان دەڵێن ئەگەر خوا بیویستایە ، نە ئێمەو نەباوکانیشمان بت پەرست نەدەبووین و ، هیچ شتێکیشمان حەرام نەدەکرد.

ئنجا قورئانی پیرۆز داواکەیان پووچەڵ دەکاتەوەو بە درۆیەکی دادەنێ وەك درۆکەی ئەوانی پێشیان کە هەر لەشێوەی ئەمان بوون و دەفەرموێ:ـ

**"كذلك كذب الذين من قبلهم حتى ذاقوا بأسنا"(١).**

واتە/ بە هەمان شێوە ئەوانی پێش ئەمانیش پێغەمبەرەکانیان بەدرۆ ئەزانی تا ئەو کاتەی سزای سەختی ئێمەیان چەشت.

ئەمجا خوای گەورە داوای لێکردن کەوا بەڵگە بۆ داواکەیان بێننەوە ـ ئەم داواکردنەی خواش بۆ بەرەنگاری بوون و لە ڕوو وەستان (تحدي) بوو ـ خوای گەورە دەفەرموێ: **"قل هل عندكم من علم فتخرجوه لنا"(٢).**

واتە/ ئەی محمد ـ پێیان بڵێ ئایا ئێوە زانیارییەکی ـ واتاناپێیە کەبەڵگە بێ لەسەر قسەکانتان تا بۆمانی دەرخەن.

---

١ـ هەمان ئایەتی ـ١٤٨ـ سووڕەتی الانعام.

دیسانەوە خوا پووچەڵیو هیچ و پووچی بیرو باوەڕەکەیانی دووپات کردەوەو فەرموی: "ان تتبعون الا" الظن" وان انتم الا" تخرمون"(١).

واتە/ بەڕاستی ئێوە دوای گومان کەوتوون و هیچتان بەدەستەوە نیە تەنها دروکردن نەبێ.

لەگەڵ ئەم پووچەڵ کردنەوە توندو تیژەی بیرو باوەڕی بت پەرستەکاندا کەوا بت پەرستییەکەیان دابووە پاڵ خواو داواکاری ئەوە بوون کە گوایە ڕوودان و بوونی کاری بت پەرستی لەسەر زەوی بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە خوا خۆی ئەم کارەی دەوێ چونکە بەڕای ئەوان ئەگەر خوا نەیویستایە ئەی گۆڕیو لەناوی دەبرد ـ لەگەڵ ئەوەدا کە قورئان بە جوانی ئەم دواکارییەیان پووچەڵ دەکاتەوەو ڕیسوای دەکات ، هەر ـ لەئایەتی پاش ئایەتی ڕابوردوودا ـ دەی سەلمێنێ کەوا توانای ڕێنمایی‌کردن (الهدایة) تەنها بەدەستی خوایەو

١ـ ـ هەمان ئایەتی ـ١٤٨ـ سوورەی الانعام.

ئەگەر بیەوێ بەجارێ ڕێنمایی هەموو خەڵك دەكات: **"قل فللّه الحجّة البالغة فلو شاء لهداكم أجمعين"** (الانعام:١٤٩).

واته/ ئەی محمد - پێیان بڵێ بەڕاستی حوجەو بەڵگەی تەواو هەر لەلای خوایەو ئەگەر بیویستایە بەجارێ ڕێنمایی هەمووتانی ئەكرد.

بەڵام خوا نایەوێ لەسەر هیچ شتێك زۆر لە خەڵك بكات - تەنانەت ئەگەر ئەو شتە ڕێنمایی كردنیش بێت - چونكە خوای گەورە دەیەوێ مرۆڤ لە هەڵبژاردندا، سەربەست بێت - تەنانەت ئەگەر مرۆڤ بەبت پەرستیش قایل بێت.

چونكە پەروەردگای خەڵك بێنیازە لە مەردوم بێویستی بەكەس نیيە **"ان الله لغنيّ عن العالمين"** (العنكبوت:٦).

واته/ بێگومان خوای گەورە بێباك و بێنیازە لەهەموو عالەم. ئەوەندە هەیە خوای گەورە دەیەوێ ڕێنمایی كردنەكەی تەنها بۆ ئەوانە بێت كەشایانی ڕێنمایی كردنن، ئەوانەی كەوا

دڵیان بۆ خوا کردۆتەوەو ، پێی قایل بوون و لێی رازین.

بێگومان مرۆڤایەتی هەموو بەسەرهاتی (ئادەمی) لە بیرە ، کەوا هەرکە لەبەری درەختەکەی خوارد لە فەرمانی پەروەردگاری ملـ پێچی کردو یاخیبوو. خوای گەورە ئەفەرموێ: **"وعصى آدم ربـّه فغوى"** [1] (طه: ١٢١).

واتە/ ئادەم ملپێچی کرد لەفەرمانی پەروەردگاری بۆیەڕێگەی ڕاستی هەڵە کردو سەرگەردان بوو.

دیسانەوە شەیتانیش هەرکە ملی نەدا بەوە کە کڕنووش بۆ ئادەم بەرێ لە فەرمانی خوا یاخی بوو. ئنجا ئادەم و ژنەکەی دابەزینە سەر

---

(١) فغوى/واتە ناوسکی تێکچوو و ئیتر بەکەڵکی خواردنی بەهەشت نەما کەوا پاشەڕۆکی دروست نەدەکرد. عەرەب دەڵێن: غوى الفصيل ـ ئەمەش بە بێچووە ووشترێك دەڵێن کە بەهۆی لەشیر بڕینەوەوە ناوسکی تێکچوو بێت. وادیارە ئەو درەختەی کە (ئادەم) لەبەرەکەی خوارد بووە هۆی دروست بوونی پاشەڕۆك لە ناو گەدەداو بەکارخستنی کۆئەندامی هەرس و دەردان ، لەبەر ئەوە لەشی ئادەم ئیتر بەکەڵك خواردنی بەهەشت نەماو ناچار دابەزیە سەرزەوی لەوانەشە هەر مەسەلەی دەرکردنی پاشەڕۆکیش بووبێتە هۆی دەرکەوتنی سیرەت (السوءة ـ العورة).. "فاكلا منها فبدت لهما سوآتهما" (طه:١٢١).

زەوی‌و شەیتانیش دابەزی‌یە سەر زەوی. بەڵام ئایا ئەو نهێنی‌یە چی‌یە کەخوا لەئادەم‌وژنەکەی خۆش بوو و تۆبەیانی قبوڵ کردو شەیتانیش تارۆژی قیامەت هەرنەفرین لێکراوەو لەبەزەیی‌و میهرەبانی خوا بێ بەشە؟

مامۆستای پایەبەرز (محمدی غزالی) لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێ: چونکە شەیتان گوناهو تاوانەکەی دایە پاڵ خواو، خۆی لێ بێ‌تاوان و گێل کردو ووتی: **"رب" بما أغويتني لازينن" لهم في الارض ولاغوينهم أجمعين"** (الحجر:٣٩).

واتە/ ئەی پەروەردگار بەوەی کە منت تەفرەدا دەبێ زەوی لەبەرچاوی ئادەم و رۆڵەکانی شیرین و جوان کەم و هەموویان تەفرەدەم و لەخشتەیان بەرم. بەو جۆرە شەیتان تاوان و گومرایی‌یەکەی دایە پاڵ خوا، بەڵام ئادەم و ژنەکەی هەڵەکەیان دایە پاڵ خۆیان و، داوای لێبوردنیان لە خوا کرد: **"قالا ربّنا ظلمنا أنفسنا وان لم تغفر لنا وترحمنا لنكونن من الخاسرين"** (الاعراف:٢٣).

واته/ ووتیان ئەی پەروەردگارمان ئێمە ستەممان لە خۆمان کرد - بەوەی کە مل پێچی فەرمانی تۆمان کردو ، گوێ ڕایەڵی شەیتان - جائەگەر لێمان خۆش نەبی‌و بەزەیت پێماندا نەیەتەوە ، ئەوا دەچینە ڕیزی زیان لەکەوتووان و دوڕاوەکانەوە .

بەو جۆرە بەسەرهاتی مرۆڤی ڕزگار بوو و سەرفەراز - هەروەکو ئادەم- هەڵەو تۆبەکردنەو بەسەرهاتی مرۆڤی تیاچوو و سەرگەردانیش - هەروەکو شەیتان - تاوان و کەللەڕەقی‌و سووربوونە .

کەوابوو هەرکەس تاوانەکەی دایە پاڵ خۆی‌و تۆبەی کرد ، لەگەڵ ئادەمدایەو هەرکەسیش تاوانەکەی دایەپاڵ خواو خۆی لێ گێل و بێ تاوان کرد هاوەڵی شەیتانە .

## کردەوەکانمان لە نێوان نیازو جێ بەجێ کردندا:

کردەوەکانی خەڵك لە جێبەجێ کردنا بەدوو قۆناغدا تێ دەپەڕن. قۆناغێکی ناوخۆیی کە بریتییە لەڕازو نیازو جێگایشی ناو دڵە، قۆناغێکی دەرەوەیی کە بریتییە لە جێبەجێ کردن و ڕاپەڕاندن.

ئاشکرایە کەوا قۆناغی دووەم - قۆناغی جێبەجێکردن - لەوانەیە تۆبزیو زۆرەملێی تیابێت ، یان لەوانەیە مرۆڤ لە جێبەجێکردندا تووشی هەڵە ببێت.

بەڵام قۆناغی دڵ ئەو قۆناغەیە کەوا هیچ کاتێك تۆپزیو زۆرەملێ ناتوانێت بچێتە ناویەوە.

بۆ نموونە تۆ دەتوانیت ئەوەی بتەوێ بە زۆر بەخزمەتکارەکەتی بکەی ، بەڵام ناتوانی ئەوەی بتەوێ بەزۆر لەناو دڵیا جێگیرو چەسپاوی

کەی. بێگومان دڵ ئەو جێگە پیرۆزەیە کەوا بەبێ ڕێگەدانی خۆت هیچ سەربازێکی خراپەکار ناتوانێ توخنی بکەوێو بچێتە ناویەوە. ئێمە دەبینین قورئانی پیرۆز نایەوێ لەسەر هیچ شتێك زۆر لە خەڵك بکات ، تەنانەت ئەگەر ئەوشتە باوەڕهێنانیش بێت بەخوا.

خوای گەورە دەفەرموێ" **"ولو شاء ربك لآمن من في الارض كلهم جميعا أفانت تكره الناس حتى يكونوا مؤمنين"** (يونس:٩٩).

واتە/ ئەگەر پەروەردگاری تۆ بیویستایە هەموو خەڵکی سەرزەوی باوەڕیان دەهێنا ، جا ئایا تۆ دەتەوێ زۆر لە خەڵك بکەی بۆئەوەی ئیمان بهێنن. شەیتانیش هیچ کاتێك بەبێ پرسی خۆت ناچێتە ناو دڵتەوە ، خوای گەورە ڕوو ئەکاتە شەیتان وپێی دەڵێ: **ان عبادي ليس لك عليهم سلطان الا من اتبعك من الغاوين"** (الحجر:٤٢).

واتە/ تۆهیچ دەسەڵاتێکت بەسەر بەندەکانی مندا نییە ، مەگەر ئەوانەی پەیڕەویت دەکەن لە

گومڕایان. کەواتە دڵ جێگەو بواری هەڵبژاردنی بێبایان و ڕەهایە ، نیازیش ـ کە جێگەو بواری لێگرتنە (المؤاخذة) ـ کارو ئیش پێك دێنێت.

قورئانی پیرۆز هەرکە هەڵەو گوناهمان بۆلێك جیا دەکاتەوە دەفەرموێ: **"ولیس علیکم جناح فیما أخطأتم به ولکن ما تعمّدت قلوبکم"** (الاحزاب:٥). واتە/ گوناهتان لەسەر نیە لەوەی کەتیا بەهەڵەدا دەچن بەڵام لەوەدایە کەدڵتان بە ئەنقەست بڕیاری دەدات. هەروەها دەفەرموێ: **"لا یؤاخذکم الله باللّغو في أیمانکم ولکن یؤاخذکم بما کسبت قلوبکم والله غفور حلیم"** (البقرة:٢٢٥).

واتە/ خوا سوێندی سەرزارەکی بێنیازتان لێ ناگرێ ، بەڵام کاتێ لێتان دەگرێ کە بە دڵ سوێند بخۆن ، خوایش لێبووردەو مولەت دەرولە سەرخۆیە.

کەوابوو جیاوازی لە نێوان هەڵەدا - کەخـوا - لێی خۆش دەبێو گوناهو تاوان - کەخوا لیمان دەکرێ لەسەری - جیـاوازی نـیـوانـیـان کـارو کردەوەی دڵە. ڕازو نهێنی دڵیش ،، جێگەی لـێ پرسینەوەیە. ئیتر پاش سوربوون و چـاك بـەلادا کردنی سەربەست و ئازاد ،، ئەوەی بتەوێ خـوا ئەوەت بۆ دەکات. جا باشە ئیتر کامـەیـە زۆرە ملێو بە زۆر پێکردن ؟

لەکاتێکا کار بەرجەستەکردنی (تجسید) نیازەو ، جێکای نیازیش دڵەو ، دڵیش شوێنێکی پیـرۆزەو هیچ شتێك بەزۆر ناتوانێت جێی خۆی تـیـا بکاتەوە.

## تاویَكێ و .. تاویَكێ

## × تاویَكێ لووت بەرزی و تاویَكێ دەست لەخوَ بەردان ×

ئەوی لـە سـروشـت و ڕەفـتـاری ئـادەمـی بکۆڵێتەوە بۆی دەرئـەکـەوێ کـەوا مـرۆڤ ئـەو

ترووکەیەی (اللحظة) کە تیا دەژی بەخێرایی کاری تێ دەکات.

تاوێك هەموو جیهانی بۆ نەرم و نیان دەبێو وا هەست دەکا کە خاوەنی فەرمان وقەدەغەکردنەو (الامر والنهي) ، تاوێکیش جیهانی لێ یاخی دەبێو کەڵبەکانی بۆ لێدەردەخات و وای لێدەکات چاوی لە دووی مێرووڵەش بێ لە هەوڵدان و بەختەوەریدا. بۆ نموونە لووت بەرزیو لەخۆبایی بوون وای لە (نەمرودی) زۆردارو لەخوا نەترس کردبوو - لە سەردەمی ئیبراهیمی خەلیلدا (سەلامی خوای لەسەر بێت) - دەی ووت:-

"أنا أحيي وأميت" (البقرة:٢٥٨).

واتە/ من زیندوو دەکەمەوەو دەش مرێنم.

(قارونی) دەوڵەمەندیش سامانە زۆرەکەی ئەوەندە سەرگەردان و گومڕای کردبوو دەیووت: "أوتيته على علم عندي" (القصص:٧٨).

واتە/ من ئەم سامانەم بەهێزی زانستی خۆم دەست کەوتووەو هیچ کەس پێی نەداوم.

(فیرعەونی) گومڕایش لووت بەرزی گەیاندبوویە پلەیەك کە وای دەزانی ئەتوانێت بچێتە ئاسمان و دەمەقالێ لەگەڵ پەروەردگاری تەختی مەزندا (العرش العظیم) بکات. بوئەمەش بە هامانی وەزیری ووت: **"یاهامان أبن لي صرحا لعلي" أبلغ الاسباب. أسباب السموات فأطلع الی اله موسی"** (غافر:٣٦،٣٧).

واتە/ ئەی هامان کۆشکێکی بڵندم بۆ دروست کە بەڵکو بگەمە هۆیەکان، ئەو هۆو ڕێگایانەی بۆ ئاسمان دەچن تا لەوێوە چاوم بکەوێتە خواکەی موسی وئاگاداری کاروباری ببم.

(ناپلیۆنی) چەرخی نوێیش دەیووت:- هیچ شتێك نی یە نەبێو نەکرێ (لا مستحیل). ئیترهەرکە مرۆڤ لە لووت بەرزیا گەیشتە پلەیەکی وا - یان نزیك لەمە - ئایە تەکانی قورئانی پیرۆز دێنە پێشەوەو ئەم لووت بەرزی یەی سووك دەکەنەوەو وای لێدەکەن کەوا هەست بکات ئەو هیچ شتێك نی یەو هەموو فەرمان و کارێك تەنها بە دەستی

خوایەو بەس ، خواست و ویستی ڕەهایش هەر بۆ خۆیەتی ، ئەمەش تائەو کاتەی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ پلەی یەکسانیو (الاعتدال) بەڕاست و دروستی لە خۆی تێ دەگات. خوای گەورە دەفەرموێ: **"الا له الخلق والأمر"** (الاعراف:٥٤).

واتە/ مەگەر دروست بوون و کارو فرمان هەموو بەدەستی خواوە نییە. کەوابوو گێتی هەموو لەم کارو فرمانەدا هیچی بە دەستەوە نییە.. تۆش یەکێکی لە خەڵك ، ئایا ئیتر چیت لە کارو فرمان بەدەستەوەیە؟ دیسانەوە خوا ئەفەرموێ:

**"ان یشأ یذهبکم أیّها النّاس ویأت بآخرین"** (النساء:١٣٣).

واتە/ ئەی خەڵکینە خوا گەر بیەوێ ئێوە لائەباو خەڵکی کە دەهێنێ. **"ان تتولّوا یستبدل قوما غیرکم. ثمّ لا یکونوا أمثالکم"** (محمد:٣٨).

واتە/ ئەگەر پشت هەڵکەن و مل پێچی لە فەرمانی خوا بکەن خوا ئێوە دەگۆڕێ بە میللەتێکیتر ، ئەمجا ئەوان وەکو ئێوە نابن.

بێگومان ئەم ئایەتانە هەموو توانایی خوای پەروەردگارو ، بێدەسەڵاتیو نەتوانی ئێمەی بەندە ئەسەلمێنن.
قورئانیش بۆ گەیشتنی بە پلەی یەکسانی چارەی بۆ لووت بەرزیی بەندەکانی داناوە.
جا ئەمە تاوێك بوو.

* * *

تاوێکی تریش ئادەمیزاد دوچاری بێهێزیو نەتوانییەکی تیژی وا دەبێ ، کە بەجارێ هەموو کون و کەلەبەرێکی لێ دێنێتەوە یەك و ، بەتەواوی دەست لەخوێ بەردەداو توانای زاڵ بوونی بەسەر خۆیدا نامێنی ، لەم کاتەدا وا هەست دەکا کە هیچ پلەو پایەیەکی نییە لەم گەردوونەدا ؛ بەڵکو دانە پەڕێکە لەسەر ڕێڕەوی باو قەدەریش چۆن و بۆ کوێی بوێ پاڵی پێوە دەنێت. بێگومان ئەم جۆرە خەڵکە بارێکی قورس و سەنگینن بەسەر ژیانەوەو ناتوانن لەگێتیدا

ڕۆڵی خۆیان ببینن ، چونکە توانای پێشەوایی کردنی خۆیانیان لەدەست داوە. لێرەدا دیسان قورئان دێتە پێشەوە بۆ چارەکردنی ئەو نەتوانیو بێ هێزییەیان و گەشە پێدانی باوەڕو هەستیان بە خۆیان و بەرزکردنەوەی خواستی سەربەستیان ، تا ئەو کاتەی دەیانگەیەنێتە پلەیەکی دەروون دروستیوا (الصحه النفسية) کە ئیتر شیاو و شایانی هەڵگرتنی بەرپرسیاری بن.
ئەمەش هەندێ لەو ئایەتانەن کەوا خواست و ویستی سەربەستی ئادەمیزاد ئەسەلمێن:
**"فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر"**(١) . **"اعملوا ما شئتم"** (فصلت:٤)..
واتە/ ئەوەی دەتانەوێ بیکەن.
**"ان الله لا يغيّر ما بقوم حتى يغيّروا ما بأنفسهم"**(٢) **"ذلك بأنّ الله لم يك مغيّرا نعمة أنعمها على قوم حتى يغيروا ما بأنفسهم"** (الانفال:٥٣).

---

(١)(٢) لەلاپەڕەکانی پێشوودا مانای ئەم دووئایەتە بەکورتی لێکدراوەتەوە.

واته/ بێگومان خوا ئەو نازو نیعمەتەی کە بە میللەتێکی بەخشیوە نایگۆڕێ مەگەر خۆیان بیگۆڕن. "وهو الذّي جعل الليل والنهار خلفة لمن أراد أن يذّكر أو أراد شكورا" (الفرقان:٦٢).

واتە/ ئەو خوایەی کەوا شەوو ڕۆژی کردۆتە یەك لە دوای یەك ، کەوا بەڵگەو نیشانەن بوئەوانەی دەیانەوێ بیربکەنەوە یان ستایشی خوا بکەن لەسەر نیعمەتەکانی. "من کان یرید العاجلة عجّلنا له فیها ما نشاء لمن نرید" (الاسراء:١٨).

واتە/ هەرکەسێ دونیای دەوێ ، هەموو خەمێکی هەر بۆ دونیای تەمەن کورتە ، ئێمە ئەوی بمانەوێ لەدونیادا بە خێرایی بۆی مسۆگەر دەکەین. بەم پێیە قورئان ویستی سەربەست و خواستی بەهێزی بۆ ئادەمیزاد چەسپاندووە ، لەگەڵ توانای گۆڕینی ئەوەی لەناو دڵ و دەروونی دایە. ئێمە بە گەمەو گاڵتەمانەو قەدەریش بەڕاستی یەتی. لە کاروانی ژینیشدا هیچ بیانوویەك نی یە بۆ بێهێزو نەتوان ، ئەم هیواش و لەسەر خۆی و

گەردوونیش بە خێرایی دەڕوا بەڕێوە.

ئەرکی سەرشانی بانگکەری موسلمانە (الداعي المسلم) کە ببێتە پزیشکێك و پاش لێکۆڵینەوەی دەروونی وورد هەریەکەو پێویستی بەچی‌یە ئەوەی پیش کەش بکات.

ئەوانەی لووت بەرزن و خۆیان لەسەروی خەڵکەوە دادەنێن ؛ بەجۆرێك چارەدەکرێن کە بیانگێڕێتەوە بۆ باری یەکسانی ، ئەوانەش کەوا بێهێزو تواناو وورە ڕووخاون ؛ بە جۆرێك کەوا توانای سووربونیان گەشە پێبداو وورەیان بەرزکاتەوە.

ئای کە (دەرمانخانەی قورئان) لێی ئاوەدان و فراوانە ئەگەر بێتو بانگکەرێکی تێگەیشتووی بۆ هەڵکەوێ.

# چەند ئایەتێک کەوا ئایەتی تر تەفسیریان دەکات

قورئان باسی ویستی بالاَی (الارادة العليا) خوامان بو دەکاو دەڵێ: **"يضل الله من يشاء ويهدي من يشاء"**(المدثر:٣١).

واتە/ خوا هەرکەسی بوێ گومڕای دەکاو هەرکەسیشی بوێ ڕێنمایی دەکا. هەندێك ئەڵێن کە مادام وایە ئەی هەڵبژاردن و ویستی ئادەمیزاد ئیتر کامەیە یان لێپرسینەوەمان بۆ لێ دەکرێ ؟لەڕاستیدا ئەم ووتەیەی خوای گەورە. **"يضل من يشاء"** پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵ هەیە. باشترین ڕێگەو دروست ترین تێگەیشتنیش بۆ ئەم ئایەتە ئەوەیە کەوا هەموو ئەو ئایەتانەی قورئان کۆبکەینەوە کە پەیوەندیان لە گەڵیا هەیە لەم باسەدا ، بۆ ئەوەی بزانین ئەو کەسانە کێن کەخوا دەیەوێ گومڕاو سەرگەردانیان بکات.

خوای گەورە دەفەرموێ: **"وما یضل به الا الفاسقین. الذین ینقضون عهد الله من بعد میثاقه. ویقطعون مآ أمر الله به أن یوصل. ویفسدون في الارض. أولئك هم الخاسرون"** (البقرة: ٢٦، ٢٧).

واتە/ خوا ئەو کەسانە گومڕا ئەکات، کەلە فەرمانی ئەو دەرچوون، ئەوانەی کەوا پەیمانی خوا ئەشکێنن لەپاش بەستنیو، ئەوەی خوا فەرمانی داوە بەیێکەوە بەستنی، ئەوان ئەیپچڕێنن وفەساد لەسەر زەوی بلاو ئەکەنەوە، بەڕاستی تەنها ئەوانە دۆڕاون.

هەروەها دەفەرموێ: **"ویضل الله الظالمین. ویفعل الله ما یشاء"** (ابراهیم: ٢٧).

واتە/ هەروەها خوای گەورە ستەمکارانیش گومڕا ئەکاو، چی بوێ ئەوە ئەکات.

یان **"كذلك یضل الله من هو مسرف مرتاب"** (غافر: ٣٤).

واته/ دیسانەوە خوای گەورە ئەوکەسە گومڕا ئەکات، کە زیادەڕەوەو گومانبەرە.

"وما كان الله ليضل" قوما بعد أن هداهم حتى يبين لهم ما يتقون" (التوبة:١١٥).

واته/ خوای گەورە هیچ میللەتێك گومڕا ناكات لەپاش ڕێنمایی كردنیان تاوەكو بۆیان ڕوون نەكاتەوە كە لەچی خۆیان بپارێزن.

"كذلك يضل" الله الكافرين" (غافر:٧٤).

واته/ بە هەمان شێوە خوای گەورە كافرەكانیش گومڕا ئەكات.

سەرجەمی ئەم ئایەتانە ئەو كەسانەمان بۆ دەست نیشان دەكەن ؛ كەخوای گەورە ویستی گومڕاو سەرگەردانیان كات. ئەوانەی كەوا گومڕاییان پێخۆشترە لە ڕێنمایی ، خوای گەورەش ئەوەی كە خۆیان ویستوویانەو پێیان خۆشە ئەوەی بۆبڕیار داون.

"وما ظلمهم الله ولكن كانوا أنفسهم يظلمون" (النحل:٣٣).

واته/ بەڕاستی خوا ستەمی لێنەکردوون ، بەڵکو خۆیان ستەمیان لەخۆیان ئەکرد.

خوا ڕێنمایی‌یانی نەکردووە چونکە خۆیان هەوڵیان بۆ نەداوە.

"واللّٰه لا يهدي القوم الظّالمين" (البقرة:٢٥٨).

واته: خوای گەورە هیدایەتی قەومی ستەمکار نادات.

"والله لا يهدي القوم الفاسقين" (التوبة:٢٤).

واته: خوای گەورە هیدایەتی قەومی لەسنوور دەرچوو نادات.

"واللّٰه لا يهدي القوم الكافرين" (التوبة:٣٧).

واته: خوای گەورە هیدایەتی قەومی کافر نادات.

"فإن الله لا يهدي من يضل" (النحل:٣٧).

واته: خوای گەورە هیدایەتی گومڕایان و گومڕاکەران نادات.

"ان اللە لا یهدي من هو مسرف کذاب"
(غافر: ٢٨).
واتە: خوای گەورە هیدایەتی ئادەمیزادی زیادەڕەووی درۆزن نادات.
"ان اللە لا یهدي من هو کاذب کفار"
(الزمر: ٣).
واتە: خوای گەورە هیدایەتی ئادەمیزادی درۆزن و کافر نادات.
"ان الذين لا يؤمنون بآيات اللە لا يهديهم اللە"
(النحل: ١٠٤).
واتە: ئەوانەی کە باوەڕیان بە ئایەتەکانی خوای گەورە نییە خوای گەورە هیدایەتیان نادات. ئنجا ئایا ئێستا دەزانیت ئەوانەی کەخوا ویستی گومڕاو سەرگەردانیان کات کێن؟ ئەوانە بریتین لە ستەمکاران - لەسنووری خوا دەرچووان - بێباوەڕان - گومڕاکەران - ئەوانەی کەوا زیادەڕەوی ئەکەن و درۆزنن - ئەوانەی کە باوەڕیان

به ئایەتەکانی خوا نیەو لەسەر گومڕایی سوورن.

**"وما ربك بظلام للعبيد"** (فصلت:٤٦).

واتە: پەروەردگاری تۆ ستەم لەبەندەکانی ناکات.

* * *

**".. ويهدي من يشاء"**

## هەرکەسیشی بوێ ڕێ نمایی دەکات ..

بە هەمان ڕێبازی پێشوو دەتوانین ئەو کەسانە دەست نیشان بکەین؛ کە خوای گەورە ویست و خواستی لەسەر ڕێنمایی کردنیان هەیە.

خوا ئەفەرموێ: **"ويهدي اليه من أناب. الذين آمنوا وتطمئن قلوبهم بذكر الله. الا بذكر الله تطمئن القلوب"** (الرعد:٢٨).

واتە/ خوای گەورە ئەوکەسانە ڕێنمایی ئەکات کەتۆبە ئەکەن و ئەگەڕێنەوە بۆ سەر ڕێگەی ڕاست، ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو دڵیان بەیادی

خوا ئۆقره ئەگرێ ، بەڕاستی دڵەکان هەر بەیادیخوا ئەحەسێنەوەو ئارام ئەگرن.

"والذّين جاهدوا فينا لنهدينهم سبلنا" (العنكبوت:٦٩).

واتە/ ئەوانەی کەوا کۆشش ئەکەن لە ڕێگەی ئێمەدا ، ڕێنموونیان ئەکەین بۆ ڕێگەی خۆمان.

"ان الذين آمنوا وعملوا الصالحات يهديهم ربهم بأيمانهم" (يونس:٩).

واتە/ ئەوانەی کە ئیماندارن و کردەوەی چاك ئەکەن ، هەربە ئیمانەکەی خۆیان پەروەردگاریان ڕێنماییان ئەکات.

"وان الله لهاد الذين آمنوا الى صراط مستقيم" (الحج:٥٤).

واتە/ بێگومان خوای گەورە ڕێنیشاندەرو ڕێنمایی کەری ئیماندارانە ، بۆ ڕێگەی ڕاست حدنابی ئیسلامە.

"فأن أسلموا فقد أهتدوا" (آل عمران:٢٠).
واته/ ئەگەر موسڵمان بوون ، ماناى وايە ئيتر ڕێگەى ڕاستيان دۆزيوەتەوەو لەگومڕايى ڕزگايان بووە.

"ويزيد الله الذين اهتدوا هدى" (مريم:٧٦).
واته/ ئەوانەى كەلەسەر ڕێگەى ڕاستن خواى گەورە زياتر ڕێنماييان ئەكات و ڕێگەيان بۆڕوون ئەكاتەوە.

هەموو ئەم ئايەتانە ئاماژە (أشارة) بۆ ئەو كەسانە دەكەن ؛ كەخواى گەورە خواستى لەسەر ڕێنمايى كردنيان هەيە. ئەوانەش بريتين لەو كەسانەى كەباوەڕيان بە خوا بتەوەو بەيادكردنى خوا دڵنيا دەبن ،- ئەوانەى كەوا بۆ سەرخستنى ئايينەكەيان تێ دەكۆشن و ئەوانەى كردەوەى چاك دەكەن ، هەروەها ئەوانەى كەباوەڕيان بەڕێگەى ڕاست - ڕێگەى خوا - هێناوەو ئيسلاميان بۆ خۆيان هەڵبژاردووە.

بەوانایەکی کە خوا ڕێنمایی ئەو حەسنە دەکات کەوا ڕێبازو ڕچەی ئەویان بۆ خۆیان هەڵبژار دووەو بە ڕێنمایی کردنی ڕازی بوون.

ئەمەش ڕێبازی قورئانە لە لێکدانەوەی ویستی خوادا ، بێکومان لەڕێبازی قورئانیش بەولاوە ڕێبازێکی چاکترو ڕاست ودروست تر پەیدا نابێ.

## × ڕێ نمایی کردنی خوا ×

بەشێکی زۆری حەلك خۆیان کەمتەرخەمن لە کردەوەی خێرو چاکداو ؛ ئەمجا ئەم کەمتەرخەمیەو گوێ نەدانەیان والێك دەدەنەوە کە گوایە خوا یارمەتی نەداون و ڕێنمایی نەکردوون.

ئێمە لێرەدا لە پێناوی بیروباوەڕی گەنجەکانداو بەرزکردنەوەی وورەی کەمتەرخەم و تەوەزەلەکان ، ڕێنمایی‌کردنی خواتان بۆ ڕوون دەکەینەوە. ئەوی لەقورئان بکۆڵێتەوە دەبینێ

مانای ڕێنمایی‌کردنی خوا لە چوارچێوەی ئەم چوار بوارەی خوارەوە ناچێتە دەرەوە:ـ

(١) ڕێنمایی‌کردنی بوون (الفطرة). بۆ ئەو مەبەستەی کە لە پێناویا دروست کراوی.

(٢) ڕێنمایی‌کردنی فێرکردن. ئەمەش پەیامی پێغەمبەران و پیاوچاکانە.

(٣) ڕێنمایی‌کردنی یارمەتی‌دان (التوفیق) بۆ کردەوەی چاك ئەمەش تەنها بە دەستی خوا خۆیەتی.

(٤) ڕێنمایی‌کردنی باوەڕدارەکان بۆ ماڵەکانیان لە بەهەشتدا.

ئنجا وا لەخوارەوە بەکورتی مانای هەرچواریان ڕوون دەکەینەوە:ـ

## یەکەم/ڕێ نمایی کردنی بوون (هدایە الفطرە)

سەرنج دان و تەماشا کردنی گەردوون بۆمانی دەسەلمێنێ کەوا هەموو بوونەوەرێکی (کائن) دروست کراو بۆ ئەو مەبەستە مل کەچ کراوە

(مسخّر) کە لە پێناویا دروست کراوە. لەبەر ئەوە کاتێ کە (فیرعەون) لە حەزرەتی (موسی) (علیه السلام) ی پرسی: کێ پەروەردگاری ئێوەیە ؟ لەوەڵامدا ووتی: "قال ربّنا الذي أعطى كل شيء خلقه ثم هدى" (طه: ٥٠).

واتە/ ووتی پەروەردگاری ئێمە ئەو خوایەیە کەوا هەر شتەو ، سیماو شێوەی دروستکردنی خۆی داوەتێو ، ئەمجا ڕێنمایی کردووە.

خوای گەورە مریشکی بە چەشنێ دروست کردووەو ڕێنمایی کردووە ، کەوا لە هەفتەی سێیەمدا ؛ نەختێك باڵەکانی لەسەر هێلکەکانی بلند کاتەوە بۆ ئەوەی جووجەڵەکان بە ئاسانی ئۆکسجین وەرگرن و هەناسە بدەن ، جا ئەگەر وا نەبووایە جووجەڵەکان بە هەناسە سواری دەمردن. دیسانەوە خوای گەورە بەجۆرێکی وا (سەگی) دروست کردووە کەوا بەبێ چاودێری کردن و سەرپەرشتی شەوان هەموو بە پاسەوانیەوە بباتە سەر.

واتە/ پێغەمبەرانی مژدەدەر - بەپاداش و ترسێنەر - بەسزا - بۆ ئەوەی خەڵکی ئیتر هیچ بیانوویەکیان نەمێنێ بەسەر خواوە لەپاش ناردنی ئەم پێغەمبەرانە.

هەرکەسیش پاش ئەم ڕێنمایکردنە گومرا بێت ئەوە بێگومان بەئاگاداریو زانینەوە گومڕا بووە.. دیسانەوە ڕێنمایی کردن بەمانای فێرکردن لەم ئایەتەشدا هاتووە کە ئەفەرموێ:
**"وأما ثمود فهديناهم فاستحبوا العمى على الهدى"** (فصلت:١٧).
واتە/ ئێمە ڕێ نمایی گەلی (ثمود) مان کرد، کەچی ئەوان گومڕاییو کوێریان پێ خۆشتربوو لە ڕێنمایی.
ڕێنمایی کردن لێرەدا بە مانای فێرکردن و ڕێنیشاندان هاتووە، خوا ڕێنمایی کردن -واتە ثمود - بەوەی کە پێغەمبەری بۆناردن - واتە صالح - کە فێری کردن و ڕێی نیشاندان، بەڵام کەچی

ئەوان کوێری و گومڕایی‌یان پێ خۆشتربوو لە ڕووناکی هەق و ڕێنمایی.

هەر لەم بوارەدا خوای گەورە پێغەمبەری ئیسلاممان (صلی الله علیه وسلم) بە ڕێنمایی‌کەری خەڵك بۆ وەسف دەکاو دەفەرموێ:

"وانك لتهدي الى صراط مستقيم" (الشورى:٥٢).

واتە/ بێ‌گومان تۆ ڕێنمایی‌کەری بۆ ڕێگەیەکی ڕاست.

بە کورتی هەرکەسێك پەیامی فێرکردن قبوڵ بکات؛ خوای گەورە بە ڕێنمایی‌کردنی یارمەتی‌دان پاداشی ئەداتەوە، هەرکەسیش سەرپێچی لە ڕێ نمایی کردنی فێرکردن بکات؛ خۆی لە ڕێنمایی کردنی یارمەتی‌دان بێبەش دەکات.

کەوابوو ئەی ئایا ڕێنمایی کردنی یارمەتی‌دان کامەیە؟

لەڕاستیدا ئەمەشیان هەر لە ڕێگەی ئایەتەکانی قورئانەوە دەزانین.

## سێ یەم/ڕێ نمایی کردنی یارمەتی دان

## (هدایە التوفیق)

ئەمەس یەکێکە لە نازو نیعمەتەکانی خواو بەو کەسانەی دەبەخشێ ؛ کەوا ڕێنمایی کردنی پێغەمبەرەکانیان قبوول کردووەو سوورو دڵ گەرمن لە سەر گوێڕایەڵی کردنیان. ئەم ڕێنماییکردنەش لەو کارانەیە کەوا لە توانای هیچ کەسدا نییە تەنها خوا نەبێت.

**"وما توفیقي الا ّ بالله"** (هود:٨٨).

واتە/ سەرخستن و یارمەتیدانم تەنها بەدەستی خوایە.

دیسانەوە قورئانی پیرۆز پێمان ڕادەگەیەنێت کە هیچ ئادەمییەك توانای ڕێنماییکردنی یارمەتیدانیی نییە ؛ تەنانەت پێغەمبەریش کە خوای گەورە بۆی دەڵێ:-

**"انك ّ لا تهدي من أحببت ولكن ّ الله يهدي من يشاء"** (القصص:٥٦).

واتە/ بێگومان تۆناتوانیت ڕێنمایی ئەو کەسانە

بکەیت کە خۆشت دەوێن ، بەلاَم خوا هەرکەسی بویٚ ڕیٚنمایی دەکات.
ئەو ڕیٚنمایی کردنەی کەخوا بۆ پیٚغەمبەری سەلماندووەو بڕیاری داوە ڕیٚنمایی‌کردنی فیٚرکردن و ڕیٚ نیشاندانە ، ئەو ڕیٚنمایی کردنەش کە خوا لەم ئایەتەدا باسی کردووە (انك لا تهدي من أحببت) ڕیٚنمایی کردنە بە مانای یارمەتی دانی خەڵك بۆڕیٚگەی خیٚرو چاکە. چونکە ئەم کارە تەنها بە خوا خۆی نەبیٚ بە هیچ کەس هەلناسوڕی.
بە پشتی خوا لە باسیٚکی کەدا ئەو کەسانە دەست نیشان ئەکەین کە خوای گەورە ئەم ڕیٚنمایی‌کردنەیان پیٚ ئەبەخشیٚ.

## چوارەم/ ڕیٚ نمایی کردنی باوەڕدارەکان بۆ ماڵەکانی بەهەشتیان.

خوای گەورە ئاگاداری کردووین کەوا بەهەشت بەرین و فراوانە ، کەوابوو ئایا خەڵکەکەی چۆن ئەتوانن بەئاسانی ماڵەکانیان تیا بدۆزنەوە.

ئەمەش ڕێنمایی‌کردنی چوارەمە ، بێگومان خوای گەورە هەر خۆی ڕێنمایی خەڵکی بەهەشت دەکاو ماڵەکانیان پێدەناسێنێ هەروەك چۆن هەریەکێ لە ئێمە لە جیهاندا ماڵەکەی خۆی دەناسێو ڕووی تێ دەکا.

لە قورئانی پیرۆزدا خوا ئاماژەی بۆئەمە کردووەو ئەفەرموێ:-

**"والذّين قتلوا في سبيل الله فلن يضلّ أعمالهم. سيهديهم ويصلح بالهم. ويدخلهم الجنّة عرّفها لهم"** (محمد: ٤،٥،٦).

واتە/ ئەوانەی کەوا لە ڕیگەی خوادا شەهید بوون ، کردەوەکانیان وون نابێو ، خوای‌گەورە لە داهاتوودا ڕێنموونیان ئەکاو بارودۆخیان چاك ئەکاو ئەمجا ئەیان خاتە ئەو بەهەشتەوە کەپێی ناساندوون ، ئەوانیش بەم ڕێنموونیە ماڵەکانیان تیا ئەدۆزنەوە. فەرمودەی خوا (سیهدیهم) لە پاش شەهید بوون لە پێناوی خوادا هاتووە ، کەواتە خوا پاش مردنیان ڕێنمایی‌یان ئەکات

بەرەو ماڵەکانی بەهەشتیان - کەوا پێی ناساندوون ئەوانیش بەم ڕێنمایی‌کردنە ماڵەکانیان ئەدۆزنەوە. ئەمانە ماناکانی ڕێنمایی کردنن لە قورئانی پیرۆزدا.

بەڵام وا جارێکی تر ئەگەڕێینەوە سەرباسی ڕێنمایی‌کردنی یارمەتی‌دان لەبەر بایەخداری ئەم ڕێنمایی کردنە لە بابەتەکەدا.

* * *

## ڕێ نمایی کردنی یارمەتی دان.
## کێ پێ ی بەختەوەر دەبێ؟

خوای گەورە ئەم ڕێنمایی‌کردنە - ڕێ نمایی‌کردنی یارمەتی‌دان - بەو کەسانە ئەبەخشێ کە ئەم دوو سیفەت و مەرجەیان تیا بێت:-

یەکەم/قبووڵ کردن و ڕازی‌بوون بە ڕێنمایی‌کردنی فێرکردن لەلایەن پێغەمبەرەکانەوە. ئنجا هەرکەسێ باوەڕی بەپێغەمبەران نەبێ‌و مل پێچی لە

ڕێنمایی‌کردنیان بکات ، لەڕێ نمایی‌کردنی یارمەتی‌دان (التوفیق) بۆ بەش ئەکرێ.

بۆ نموونە ئەگەر شۆفێرێك پرسیاری لێ کردیت کەوا ڕێگەی پێ‌نیشان دەیت ئنجا پاش ئەوەی تۆش ڕێ نموونیت کرد ڕێزی قسەکانی گرتیت وسوپاسی کردیت ؛ ئەوا جاریکی تر ئەگەر ئەم کابرایە ئۆتۆمبیلەکەی پەکی کەوت مافی لەسەرت هەیە یارمەتی بدەیت.

بەڵام ئەگەر ڕێ نموونی‌یەکەی تۆی وەرنەگرت و چەنەبازی‌و زمان درێژی کرد لەڕووتا ئیتر هیچ مافێکی لەسەرت نامێنێ ئەگەر جارێکی تر ئۆتۆمبیلەکەی پەکی بکەوێ.

نموونەی بەرزو باڵاش تەنها شایانی خوای گەورەیە.

دووەم/بوونی ئارەزووی کردەوەی چاك و خێر لەناو دڵو مێشکی ئەوکەسەدا. چونکە خوای گەورە هەر مرۆڤێك بەگوێرەی نیازو کردەوەی

خوێ ڕێنمایی دەکات و ئەفەرموێ: "فأما من أعطى واتقى. وصدّق بالحسنى. فسنيسّره لليسرى" (الليل:٥،٦،٧).

واتە/ ئنجا ئەو کەسەی ببەخشێو پارێزگاری بکات و بڕوای ببێ بەچاکە زوو یارمەتی ئەدەین بۆ ڕێی ئاسان (کە چاکەیە)(١).

هەرکەسێ دڵو دەروونی بۆخێرو چاکە لێبدات خوای گەورە لەو ڕێگەیەدا بەپێی ویستی خۆی ڕێنمایی ئەکات و دەستی ئەگرێ. خوا ئەفەرموێ: "والذين جاهدوا فينا لنهدينهم سبلنا" (العنكبوت:٦٩).

واتە/ ئەوانەی کەوا لەپێناوی ئێمەدا تێئەکۆشن و هەوڵ ئەدەن ، ڕێنمایییان ئەکەین بۆڕێگەی خۆمان. هەرکەسیش دڵی بۆ شەڕو خراپە لێ بداو ڕژدو بەدڕەوشت و درۆزن بێو بڕوای بەچاکە

(١) شێخ محمدی خاڵ - تەفسیری خاڵ - جزمی عم - چاپی سێهەم ل١٢٣-١٢٤.

نەبێت ئەوە هیچ هیوایەکی نیەو لەڕێ نمایی خوا بێ بەشە:ـ

"وأما من بخل واستغنی. وکذّب بالحسنی. فسنیسّره للعسری"(اللیل: ٨،٩،١٠).

واتە/ ئەو کەسەش ڕژدیی بکات و خۆی بێ نیاز بزانێو بڕوای نەبێ بەچاکە زوو ڕێی سەختی بۆ ئاسان ئەکەین.(١) جا تۆش ئەی برای موسڵمان ئەگەر ئەتەوێ ئاسوودەو سەرفەراز بیت ، ژیانت بە کردەوەی چاك و خێر بچێنە بێ گومان خوای گەورە بەگوڵی گەشەدارو ڕازاوە بۆتی ئەڕوێنێ.

ئەگەریش ئەتەوێ وێڵو سەرگەردان و هەناسە سارد بێت ، ژیانت بە شەڕو خراپەکاری بچێنە ، بێگومان خوا بەدڕك و داڵی چڕو نالەبار بۆتی ئەڕوێنێ. بەلام بە هەرحاڵ لە وەرزی دروێنەدا ئیتر مافی تاوانبارکردنی قەدەرت نیە ، چونکە چی بچێنیت هەر بەرهەمی ئەوەت دەست ئەکەوێ.

---

(١) سەرچاوەی پێشوو ـ ل١٢٥ـ١٢٦.

# هەندێ چەمکی ستەم لێکراو:

## ×قەزاو قەدەر لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا×

لە قۆناغی یەکەمی ئیسلامدا موسڵمانەکان لە جەنگەکانیاندا باوەڕیان بەقەدەر پتر تر دەبوو ، ئنجا ئەم باوەڕەش ئازایەتی‌و جوامێری‌یەکی بۆ هاوتای لەوانا پەیدا کردبوو. چونکە هەر قەدەر فێری کردبوون کەوا تەمەنەکان دیاری کراون و ڕزق و ڕۆزیش ڕێژەی دیاری کراوی هەیەو ؛ هیچ کەسیش تا ئەجەل‌و ڕۆژیی تەواو نەبێ نامرێ. دروشمیشیان لە ژیاندا ئەم ئایەتە بوو:ـ

**"قل لن يصيبنا الا" ما كتب الله لنا"** (التوبة:٥١).

واتە/ بڵێ ـ ئەی محمد ـ ئێمە دووچاری هیچ شتێك نابین مەگەر خوا لەسەرمانی نووسی بێت.

هەر ئەم هەست کردنەش بوو نهێنی پەلاماردان و چوونە پێشەوەو هەڵمەت بردنیان بوو. چونکە نەترسنۆکی پیاو ڕزگار ئەکاو ،

نه چاوچنۆكی ڕۆژی فراوان ئەكا.

(أي يومي من الموت أفر

يوم لاقدر.. أم يوم قدر؟

يوم لا قدر لارهبه

ويوم قدر لا ينجي الحذر)

واته چ ڕۆژێكم من لەدەس مردن هەڵێم

ڕۆژی بێ قەدەر یان ڕۆژی قەدەر ؟

ڕۆژێك قەدەر نەبێ كەلێی بتۆقم

ڕۆژی قەدەریش بێهوودەیە هەگەر.

* * *

ئەمە بیرو باوەڕیان بوو بەر ڕەحمەتی فراوانی خوا كەون. بەڵام ئەوانەی كە دوابە دوای ئەوان هاتن ، پاڵیان لێ دایەوە بۆ حەسانەوەو ؛ لێی ڕاكشان و قەدەریان كردە هۆكاری بێ هێزكردنی وورەیان ، ئەوەش بۆ مەبەستی هەڵاتن لەدەست ئەرك و بەرپرسیاری. یان هەركە هەلو دەرفەتێكیان لە دەست بدایە ، قەدەریان ئەكردە بیانوو و بەهانە.

نه چاوچنۆكی ڕۆژی فراوان ئەكا.

(أي يومي من الموت أفر
يوم لاقدر.. أم يوم قدرِ؟
يوم لا قدر لارهبه
ويوم قدر لا ينجي الحذر)

واته چ ڕۆژێكم من لەدەس مردن هەڵێم
ڕۆژی بێ قەدەر یان ڕۆژی قەدەر ؟
ڕۆژێك قەدەر نەبێ كەلێی بتۆقم
ڕۆژی قەدەریش بێهوودەیە هەگەر.

* * *

ئەمە بیرو باوەڕیان بوو بەر ڕەحمەتی فراوانی خوا كەون. بەڵام ئەوانەی كە دوابەدوای ئەوان هاتن ، پاڵیان لێ دایەوە بۆ حەسانەوەو ؛ لێی ڕاكشان و قەدەریان كردە هۆكاری بێ هێزكردنی وورەیان ، ئەوەش بۆ مەبەستی هەڵاتن لەدەست ئەرك و بەرپرسیاری. یان هەركە هەڵو دەرفەتێكیان لە دەست بدایە ، قەدەریان ئەكردە بیانوو و بەهانە.

جا ئێستا گوێمان لە هەندێ قسەو باس دەبێ
کە هەندێ کەس کردوویانەتە داری دەستیان بۆ
دەربازبوون لەدەست ئەرك و بەرپرسیاری:- بۆ
نموونە هەندێك دەڵێن:- "خوا چۆنی ویستووە وا
بەندەکانی دروست کردووە".

"خوا ڕێنمایی نەکردووم.. چی بکەم".

"چارەی خۆم وایە".

"ئەوەی لە نێو چاوانی ئادەمیزاد نووسرا بێت
دێتە ڕێی".

ئەمانە هەموو قسەی هەق و ڕاستن ، بەڵام ئەوان
بۆ مەبەستی ناهەق و ناڕەوا بەکاری دێنن.

تەنانەت هەندێ خەڵکی بێمێشك و نەزان
زیادەروی (مبالغة) ئەکەن لە تاوانبارکردنی
قەدەراو ئەڵێن:-

"بە کۆت کراوی فڕێی دایە ناو دەریاوەو پاشان
پێیشی ووت ها نەکەیت خۆت تەڕکەیت"!

خوا لەم نەتەوەیە نەگرێ.. کەوا لەو ڕۆژەوە
ئایینە ڕاست و خاوێنەکەی لەدەست داوە ؛

خۆیشی لە دەست دەرچووەو بەناوی قەدەرەوە خۆی لێ تەمبەڵ و تەوەزەل کردووەو لەبەر ڕووناکیدا خەوی لێکەوتووە ، لە کاتێکا خەڵکی لە تاریکیدا لە خەو ڕاست بوونەوەو لە ڕەوتی ژیاندا خۆیان ماندوو کرد تا گەیشتن.

بەڕاستی هەندێ خەڵك ئەمڕۆ پشتگیری لە پڕوپووچ (الخرافات) زیاتر دەکەن تا پشتگیری کردنیان لە ئاینی خوا.

* * *

## «فەرمانی خوا» - امر الله -

هەروەها لەو چەمکە ستەم لێکراوانە ، قسەی هەندێ لەوانەی کە لەناو حەزو ئارەزوودا خنکاون و دەڵێن:

ـ ئەمە فەرمانی خوایە ـ

لە ڕاستیدا تاوان و کردەوەی ناڕەوا هیچ کاتێك فەرمانی خوانییە. **"قل ان" الله لا یأمر بالفحشاء.. أتقولون على الله مالا تعلمون. قل**

**أمر ربّي بالقسط وأقيموا وجوهكم عند كلّ مسجد وادعوه مخلصين له الدين"** (الاعراف:٢٨،٢٩).

واته/ ئەی‌محمد ـ پێیان بڵێ خوای‌گەورە هەرگیز فەرمان نادا بەخراپەکاری ، ئایا ئێوە تۆمەتی شتێك ئەدەنە پاڵ‌خوا کەئەو فەرمانی پێ‌نەداوە. بڵێ پەروەردگاری من ، فەرمانی داوە بە دادگەری‌و ڕاستی ، هەروەها فەرمانی داوە کەوا لەهەموو نوێژو کڕنووش بردنێکا ئێوە بەدڵ و دەروونی پاك و فراوانەوە ڕووبکەنە ئەوو تەنها ئەو بپەرستن و داواش هەر لە ئەو بکەن.

خوا فەرمانی داوە بە دادگەری‌و چاکەکاری‌و دەست گرۆیی خزم و کەسو کارو دەفەرموێ: **"ان الله یأمر بالعدل والاحسان وایتاء ذي القربی"** (النحل:٩٠).

کەواتە خوا فەرمان بە کاری ناپەسەندو ناڕەوا نادات ، بەڵکو تەنها شەیتانە سەرچاوەی تاوان و بەدکاری و هەر ئەویشە فەرمانی پێ

دەدات. خوای گەورە ئەفەرموێ: **"الشيطان يعدكم الفقر ويأمركم بالفحشاء. والله يعدكم مغفرة منه وفضلا والله واسع عليم"** (البقرة:٢٦٨).

واتە/ شەیتان گفتی هەژاری و داماوی ئەدا بە ئێوەو فەرمانتان پێ ئەدا بە خراپەکاری (رژدی)[١]، خوایش گفتی لێخۆشبوون و ڕوزیتان ئەداتێ و هەر ئەویش خاوەن ڕۆزی فراوان و زانستی بێپایانە.

ئیتر ئەمە چ بێشەرمیو لەسنوور دەرچوونێکە کەوا ڕێگەی داوەتە هاوەڵەکەی فەرمانی تاوانکاری و بەدکاری بداتە پاڵ خوا؟!

هەندێ لە گەنجەکان لەبارەی مانای ئەم ئایەتەی خوارەوە ئەپرسن: **"واذا أردنا أن نهلك قرية أمرنا مترفيها ففسقوا فيها فحق" عليها القول فدمرناها تدميرا"** (الاسراء:١٦).

---

(١) لە (التفسيرالواضح) دا مانای (الفحشاء) بە ڕژدی لێکدراوەتەوە: چونکە عەرەب بە ڕژد - بخيل - (فاحش) یش دەڵێن. بڕوانە: التفسير الواضح - بەرگی یەکەم - جزمی سێهەم - ل١٧ - چاپی سێهەم

ئێمەش لە وەڵامدا پێیان دەڵێین: خوا تەنها فەرمان بەچاکە دەداو مانای ئەوەی کە خوا ئەفەرموێ: أمرنا مترفيها[1] واتە فەرمانمان پێدان بەچاکە.

ففسقوا فيها - واتە سەرپێچییان کرد لە فەرمانەکە بە لە سنوور دەرچوونیان. ووشەی (الفسق) یش مانای سەرپێچی کردنی فەرمانە.[2] بەو جۆرە هەرکەسێ تاوان و یاخی بوون لەخوا بەفەرمانی خوا خۆی دابنێو بزانێ ، بەڕاستی ستەم لە ئایینەکەیو لە خۆیشی ئەکات.

* * *

---

(١) أمرنا
بەو واتایەش ئەبێ ئەوان لەخۆدا (مترفين) بوون کەواتە ڕاست ڕەوو ڕاسد، کار نەبون (أمرنا) واتە مدجالو هاوەمان دان و دەسمان بو شلکردن هەرجی ئەکەن بیکەن تا ئەوەندە لالەوەڕیو خراپەیان کرد ، تاوەکو "فحق عليها القول فدمرناها تدميرا".

(٢) بڕوانە (بەشییەکەمی) کتێبی "حتى لا نخطىء فهم القرآن" ل٥.

# «ویستی خوا» - ارادة الله -

دیسان لەو چەمکە ستەم لێکراوانەی کــە دەی-
بیستین قسەی کەسانێکە کە دەڵــێــن:- "ئــەمــە
ویستی خوایە". بەمە بەرگری لەخۆیان ئەکــەن و
ئەیانەوێ دەنگی ویژدانیان کپ کەنەوە.
هەروەکو زانیمان خوای گەورە نــەی ویــســتــووە
لەسەر هیچ شتێك ، زۆر لە بەندەکانی بکــات -
تەنانەت ئەگەر ئەو شتە باوەڕهێنانــیــش بــێــت
بەخوا - جا کەوابێ ئیتر چۆن زۆریان لێدەکــات
لەسەر تاوان و سەرپێچیکردنی فەرمانی خۆی؟!
خوای گەورە ویستی خواستێکی ســەربــەســت بــۆ
ئادەمزاد هەڵبژێرێ ، لەو کردەوانەی کــەوا لــە
بارەیانەوە لێپرسینەوەی لێدەکات ، ئەمەش بــۆ
ئەوەی لێپرسینەوەکە دادگەرانە بێت.
ئەو کەسەی کە سواری شەمەندەفەرێك ئەبێت لــە
جوڵانەوەو هاتو چۆکردندا لەناو شەمەندەفــەرەکــە
سەربەستیەکی بێپایانی هەیە ، هەر خۆیــشــی

ئەنجامی کردەوەکانی هەڵ ئەگرێو بەرپرسیارە لە سەریان ، بۆ نموونە ئەگەر هاتوو بەناڕەوا دەست درێژی کرد بەسەر یەکێکا ، پێویستە لێپرسینەوەی لێ بکرێ لەسەری چونکە بە ئارەزوو و هەڵبژاردنی خۆی ئەجووڵێتەوە. بەڵام ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە ڕێکردن و جوڵانەوەی شەمەندەفەرەکەوە هەیە ، کابرای سواربوو هیچ ویست و خواستێکی تیا نییەو لێپرسینەوەشی لەبارەوە لێ ناکرێ. ئەمەش لەو بۆ چوونەمان نزیك دەکاتەوە کەوا قەدەر دوو جۆرە ، جۆرێکیان مرۆڤ دەست و ڕۆڵی تیانییەو لێپرسینەوەشی لەبارەوە لێ ناکرێ ، جۆرێکیشیان مرۆڤ تیایا سەربەستە لەوەی کەشتێك بکات یان نەیکات و هەر خۆیشی ئاکام و ئەنجامی کارەکەی هەڵ دەگرێو بەرپرسیارە لەسەری. قورئان کاتێ گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکی دۆزەخدا ئەکات و باسی هۆی بەدۆزەخ خستنیان ئەکات ، هیچ کام لەم خەڵکە تاقە ووشەیەك لەم

فەلسەفە پڕوپووچانەیان بەدەمدا نایە ؛ کەوا خەڵکێکی زۆر ژیانیان لەپێناویان بەفیڕۆ داوە.
خوای گەورە ئەفەرموێ: "الا" أصحاب اليمين في جنات يتساءلون عن المجرمين.. ما سلككم في سقر؟ قالوا لم نك من المصلين ولم نك نطعم المسكين وكنا نخوض مع الخائضين وكنا نكذب بيوم الدين، حتى أتانا اليقين"(المدثر) لەئایەتی ٣٩ هەتا ٤٧).
واتە/ تەنها خاوەنی پایەو پلە بەرزەکان ئەوانەی کە لە بەهەشتدان و لەبارەی تاوانبارانی ناو دۆزەخەوە ئەپرسن و (ئەڵێن) چی ئێوەی خستە ناو (سقر) ەوە؟ ئەوانیش لەوەڵامدا ئەڵێن ئێمە لەدونیادا نوێژمان نەدەکردو خواردنمان نەدەدایە کەم دەست و لەگەڵ هەموو لە خوا نەترسێکا قاپمان هەڵ دەداو باوەڕمان بە دوارۆژ نەبوو تائەو کاتەی ڕاستیو دڵنیاییمان بۆ هات. (واتە مردن و زیندوو بوونەوە).
ئایەو جۆرە دەبینی چۆن ئەمانە دان ئەنێن بە

درێغی کردنیانداو چۆن ڕاست و دروست دوور له زمانی مشت ومڕ وەلاّم ئەدەنەوه؟
ئەم دان پیانانه دیسانەوه له ئایەتی (٨)ی سورەی (الملك)دا دووپات بۆتەوەو خوا ئەفەرموێ:-
**"كلما ألقي فيها فوج سألهم خزنتها الم يأتكم نذير (؟) قالوا بلى قد جاءنا نذير فكذبنا وقلنا ما نزّل الله من شيء ان انتم الا" في ظلال كبير"** (الملك:٨،٩).
واته/ هەرجارەی کە کۆمەڵێك ئەخرێته ناویەوه - ئاگری دۆزەخ - دەرگاوانەکان لێیان ئەپرسن: ئایا ئێوه ئاگادارکەرو ترسێنەرتان بۆنەهات - واته/ پێغەمبەر -؟ ئەوانیش دەڵێن بەڵێ ترسێنەرمان بۆهات ، بەلاّم ئێمه بڕوامان پێنەکردن و ووتمان خوا هیچ شتێکی دانەبەزاندووەو ئێوه له گومڕاییەکی گەورەدا دەژین. بەڕاستی ئەمەش بووه بەلاّو نەگبەتو کەوت بە سەریاندا.

# × زانیاری خوا ×

ئەمەش یەکێکی کەیە لەو چەمکە ستەم لێکراوانە. هەندێ کەس وای لێکدەدەنەوە کە گوایە پێشتر خوا بە هەڵەکانیانی زانیوە هەر بۆیەشە ئەمان تووشی بوون. ڕاستە ئێمە باوەڕمان بەزانیاری خوا هەیە لە هەموو شتێکدا ، بەلاَم نامانەوێ ئەم باوەڕەمان ببێتە مایەی بەفیرۆدان و پشت گوێ خستنی ئەرك و دەستەبەرکردنە ڕەواکان (التكاليف الشرعية).

لا یاخود ببێتە هۆیەك بۆ ڕەهایی‌و بەرەڵلای ئادەمزاد بەبێ هیچ قەدەغەکەرو بەربەست-کەرێك. ئەوی باوەڕی بەزانیاری خوا ببێت دەبێ باوەڕەکەی پاڵی پێوە بنێت بۆ چاودێری کردنی خۆی‌و دەس هەڵگرتن لە گوناهو خراپەکاری ، نەك ئەم باوەڕە ببێتە کەرەسەو داردەستێك بۆ بەرگری کردن لە تاوانباران.

لەڕاستیدا زانیاری خوا هەروەکو ئاوێنەی بێگەرد

وایە کەوا ڕێك و ڕاست بەبێ زیادو کەم ڕاستیو واقیعی ئادەمزاد ئەدا بەدەستەوە ، ئنجا مرۆڤی ڕووگەش و بزەدار ؛ گەشیو بزەداری خۆی تیا دەبینێو مرۆڤی ڕووگرژو درزۆڵیش مافی لۆمەکردنی ئاوێنەکەی نییە.

بێگومان مامۆستای زیرەك و کارامە هەر لە یەکەم ڕۆژی سەرەتای ساڵی خوێندنەوە باش چارەنووسی هەریەکە لە قوتابییەکانی دەزانێ ، بەڵام ئایا ئەو قوتابییەی کەوا لە تاقیکردنەوەدا دەرناچێ ؛ مافی ئەوەی هەیە بە ماموستاکە بڵێ:-

تۆ زانیوتە من لە تاقیکردنەوەدا دەرناچم بۆیە دەرنەچووم؟

نەخێر.. چونکە مامۆستاکە ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێهێناوە.. وانەکانی ڕاڤەکردوە ئەوەی تەمومژ بووە ڕوونی کردۆتەوە.. هەروەها ئامۆژگاری قوتابییەکانی کردوە کەوا لە کۆشش

کردن درێغی نەکەن، نموونەی بەرزو باڵاش هەربۆ خوا باشە.
خوای گەورە بەزانیاری هەرە کۆنیبەوە دەزانێ کەوا خەڵك ڕێبازو ڕێگەی جۆراو جۆر بۆ خۆیان هەڵ ئەبژێرن.جا لەسەرئەوەی کە خۆیان ئەیانەوێ بڕیاری بۆ داون و چی داوا بکەن بۆیان ئاسان دەکات ، چونکە خوا ڕێزی سەربەستیو هەڵبژاردنیان دەگرێت.
خوای گەورەش لە سەر ئەمە بە درێژترین سوێند لە قورئاندا سوێندی خواردووەو دەفەرموێ:-
**"والشمس وضحاها. والقمر اذا تلاها. والنهار اذا جلاها. والليل اذا يغشاها. والسماء وما بناها. والارض وما طحاها. ونفس وما سواها. فالهمها فجورها وتقواها"** (سورەی الشمس:١-٨).
واتە/ سوێند بە خۆرو ڕووناکییەکەی، بەمانگ کە دوا بە دوای ئەو هەڵبێ، بەکاتی ڕۆژ کە خۆر دەرئەحات، بەشەو کە خۆر دائەپۆشێ، بەئاسمان و دروست کەرەکەی، بە زەویو ڕاخەرەکەی، بەنەفس و

ڕێکخەرەکەی ئەنجا خوای گەورە نوختەو تۆوی فجورو خراپەکاریو نوختەو تۆوی تەقواو خواناسی هاویشتە هەموو دەروونێکەوە. "قَدْ أفْلَحَ مَنْ زَكّاها" جا هەرکەسێك تۆوی تەقوا ئاوداو خزمەت و بژاریبکا لەکۆتاییا داری تەقوای بۆ سەوز ئەبێو داری فجورەکەی ووشك ئەکا. "وَقَدْ خَابَ مَنْ دسّاها" بەڵام هەرکەسێك تۆوی فجور ئاوداو خزمەت و بژاری بکا لە کۆتاییا داری فجوری بۆ سەوز ئەبێو داری تەقواکەی ووشك ئەکات. خوایگەورە بەم سوێندانە هەموو سوێند لە سەر توانای ئادەمیزاد دەخوات ؛ لەسەر کردنی چاکەو خراپە بە هەڵبژاردنی خۆی ، بۆ ئەوەی ئەنجامەکە لە دواییدا دادگەرانە بێت.

**"قَد أفلَحَ منْ زكّاها. وَقَدْ خَابَ مَنْ دسّاها"** (الشمس:٩،١٠).

واتە/ بەڕاستی ڕزگاری بوو ئەوکەسەی کە نەفسی خۆی پاك کردەوەو نائومێدما ئەوەی کە نەفسی خۆی وون و نابووت کرد.(١)

---

(١) شێخ محمدی خاڵ ـ تەفسیری خاڵ ـ جزمی سییەم (عم) چاپیسێهەم ـ١٩٨٦ـ ل ١١٦ـ١١٩.

هەروەها لەسوورەی (البلد)دا هاتووە:-

"وهديناه النجدين" (البلد:١٠).

واتە/ هەردوو ڕێگەی چاك و خراپمان پیشان داوە. بەوەی کەوا مێشك و هۆشمان داوەتێو پێغەمبەرو کتێبمان بۆ ناردووە بۆ ڕێنمایی‌کردن و فێرکردنی ، پاش ئەمەش ئیتر سەربەستە لە کردەوەکانیداو بەرپرسیارە لەسەریان. لەسوورەی (الدهر) یشدا ئەفەرموێ:-

"انّا هديناه السبيل امّا شاكرا وامّا كفورا" (الدهر:٣):

واتە/ ئێمە ڕێگەمان نیشانداوە - ئیتر خواستی خۆیەتی - یان ئەوەیە سوپاسی پەروەردگاری بکات لەسەر ئەو نازو نیعمەتەی کە پێی بەخشیوە یان سپلەیینی بکات و باوەڕی پێی نەبێو کافربێ.

ئنجا باشە لەپاش ئەم ڕوونکردنەوەیەی قورئان ئایا هیچ ڕوونکردنەوەیەك ئیتر بایەخی ئەمێنی؟

بێگومان ڕێگەی هەق و ڕاست ڕوونە.. بەلام زۆربەیان ڕقیان لە هەق دەبێتەوە.

* * *

## ×لەمشت و مڕو دەمەقالێ چاکتر×

چاکتر لە مشت ومڕ ـ کەهیچ سودێ نابەخشێ ـ ئەوەیە ئەم ئایەتە پیرۆزە بخوێنینەوە کەوا ئەو شتانەمان بۆ دەست نیشان ئەکات کە دروستە بیدەینە پاڵ خواو ئەوانەی کە دروستە بیدەینە پاڵ خەڵك:ـ

**"ومن يعمل سوءا أو يظلم نفسه.. ثم يستغفر الله يجد الله غفورا رحيما"** (النساء:١١٠).

واتە/ هەرکەسێ کارێکی خراپ بکات یان ستەم لەخۆی بکات و ئەمجا داوای لێبووردن لەخوا بکات دەبینێ خوا لێبوردەو میهرەبانە.

کەواتە گوناهەکەت بدەرە پاڵ خۆت و واز لە مشت ومڕو دەمەقالێ بێنەو بە گوناهەکەتەوە

بچۆرە خزمەتی خواو داوای لێبووردنی لێبکە ئەو کاتە دەبینی خوا لێبوردەو میهربانە.

* * *

لە کۆتاییدا دەڵێین: هەموو شتێك لە گەردووندا بەبێ هەڵبژاردنی خۆی هەڵس و کەوت دەکاو دەجووڵێتەوەو چالاکی دەنوێنێ.. تەنها ئادەمیزاد[1] نەبێت.. کەوا تاقە بوونەوەرێکە ئەتوانێت بەویست و هەڵبژاردنی خۆی هەر دوو نەسازەکە (النقیضین)[2] ، بەجێ بهێنێت ، جا هەر لەبەر ئەمەش پاداش و سزای بۆ دانراوە.

"سُبْحانَ رَبِّكَ رَبِّ العِزَّةِ عَمَّا يَصِفون وَسَلامٌ عَلى المُرسَلين وَالحَمْدُ لِلّهِ رَبِّ العَالَمين".

**هەینی ١٦ی رجب ١٤٠٨ك**

**٤ی ئازاری ١٩٨٨ز**

**- کەلار -**

---

(١) جنۆکەش (الجّن) لە توانای بە ئەنجام گەیاندنی هەردوو نەسازەکەدا ،هەروەکو ئادەمیزاد وایە لەبەر ئەوە لێپرسینەوەی لەسەرە.

(٢) واتە چاکەو خراپە - خێروشەڕ -.

## × سەرچاوە کان ×

| | |
|---|---|
| ١ـ تفسير القرآن الكريم. | ـ الفخرالرازي والقرطبي |
| ٢ـ القضاء والقدر | ـ ابو الوفا درويش |
| ٣ـ رسالة التوحيد | ـ الامام محمد عبدة |
| ٤ـ القضاء والقدر | ـ عبد الكريم الخطيب |
| ٥ـ الطاقة الانسانية | ـ احمد حسين |
| ٦ـ القرآن | ـ د. مصطفى محمود |
| ٧ـ حقائق الاسلام | ـ عباس محمود العقاد |
| ٨ـ حتى لانخطيء فهم القرآن. | ـ محمود غريب |
| ٩ـ عقيدة المسلم | ـ الامام محمد الغزالي |

# خوێنەری بەرێز:-

داوای لێبوردن ئەکەین لە دواکەوتنی ئەم کتێبەدا، کە ئەویش لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت بە چاپەمەنییەوە بوو..

ئیتر سوپاس

طبع بموافقة دائرة الرقابة العامة - وزارة
الثقافة والاعلام - المرقمة (٩) في ١٩٨٨/٣/٢٩
كمية الطبع ٣٠٠٠ آلاف

## ئەم نامیلکەیە :-

قەزاو قەدەر ئەکا بە سێ بەشەوە :-

١- ئەو قەزاو قەدەرەی ، کە لەسەروی خواست و ویستی ئادەمیزادەوە ڕووئەدات و ، ئەو هیچ دەسەڵات و توانایەکی نییە لە ئاستیا ، تەنها سەبرو خۆڕاگرتن نەبێ.

٢- ئەو قەزاو قەدەرەی ، کە دیسان بەبێ خواستی ئادەمیزاد ڕووئەدات ، بەڵام لە هەمان کاتدا بواری ئەوەی هەیە ، کە هەوڵی چارەسەرکردنی بۆ بدرێت و پێویستی بە چارەکردن هەیە ، ئەویش بەپێی وزەو توانای ئادەمیزادەکە.

٣- ئەو قەزاو قەدەرەی ، کە ئادەمیزاد تیایا ئازادو سەربەستەو ، بەخواست و ئارەزوی ، خۆی پێی هەڵئەسێو لە سنوری ئەم سەربەستیەشدا بەرپرسیارەو لێپرسینەوەی لەسەر ئەکرێ...

نرخی ( ٧٥٠ ) فلسە

رقم الایداع في المكتبة الوطنية ببغداد ( ١٩٤ )

لسنة ١٩٨٩.

چاپخانەی - الفنون - بەغدا